# 6 دیسەمبەر و جەناحی حەمیدی تەقوایی

## چاوپیاخشاندنیکی کورت بەسەر ڕووداوەکانی ئەم دوایە

**رابەر سەعید**
Rabar_saed@yahoo.com

هاتنە مەیدانی قوتابیان و نارەزایەتییەکانی ئەمسال لە ڕۆژی 16 ئازەر یان 6 دیسامبەر جارێکی تر سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی بردەوە ناو قولایی کۆمەلگای ئیران و لەو ڕووداوانەشدا کۆمۆنیزمی کریکاریی زیاتر لە هەر بزووتنەوەیەکی تری سۆسیالیستی و رادیکال مۆری بە هەویەتی رادیکالەکردنی بزووتنەوەی لاوان و خوێنکاراندا ناو و شیعارەکان و ئارمەکانی ئەوان شیعار و ئارمی بزووتنەوەی لاوان بوو. تا ئەم جیگایە کە کۆمۆنیزمی کریکاریی تەئسیری بەسەر ئەو بزووتنەوەیەدا هەبوو نە جیگای ئینکاریە و نە تەنانەت میدیا بیدەنگەکانیش توانیان لە کامیراکانیانەوە بیشارنەوە. بەلام راستی ئەو ڕووداوانە بۆ جاریکی تر هەردوو لایەنی کۆمۆنیستی کریکاریی کە لە دوو حیزبی موخالیف و کێبەرکێدا کە لە دوای دووشەق بوونیانەوە دەیانەویت هەرلایەك باشتر خۆیان بە خاوەنی کۆمۆنییزمی کریکاریی و ڕیگا بەردەوامی مەنسوور حیکمەت بزانن، خەستەوە بەر فرکان فرکان و پێشبرکیی ئەوە کە کام لە حیزبەکان خاووەنی ئەو بزووتنەوەیە و کام لەوان کارگەریی هەبووە لە کۆمەلکادا و کام لەوان زیاتر کۆمەلایەتییە و نەچۆتە حاشیەی ڕووداوەکان. ئەم جارە بزووتنەوەی لاوان و قوتابیان بۆهەردوولا مەیدانی ئەو پیشبرکییە بوو. جەناحی کۆرشی مودەرسی کاریی خۆیان کردوو و ئیبتکاراتی ئەوان کارگەریتر بووە بە بروای من، بەتاییەت لاوانی کۆمۆنیستی حیکمەتیست پیدەچیت کارگەری زۆرتریان هەبوویت. جەناحی تەقوایی کەزیاتر بەپشتیوانی میدیای تیڤی و رادیۆیی ئەنتەرناسیۆنالیست کاردەکەن ئەوانیش لە ڕاگەیاندنەکانیاندا وا خۆیان دەردەخەن گوایە ئەوان لە پشت ئەبزووتنەوەن و ئەوان بە پەیامی رابەرانیان لاوان و قوتابیانیان هیناوەتە مەیدان. حیزبی حیکمەتیست یان جەناحی کۆرشی مودرسی کارەکانی خۆیان لە میدیاکانیانەوە ڕاگەیاند. بەلام بۆ جەناحی تەقوایی تەنها ئەوە کافی نییە، ئەوان بۆ گۆرینی معادلەی بەمولك کردنی کۆمۆنیست و سۆسیالیزمی کۆمەلکا بۆ خۆیان دەبیت دەوری جەناحی کۆرش بسرنەوە و بیٚ کارگەری ئەوان بەسەر بزووتنەوەکە بەشیوەیەك ڕەدکەنەوە. وە پشتکردنی ئەوان لە سۆسیالیزم جاریکی تر بەیان کەنەوە، و هەر بەو هاوکیشەی کە ئەو بزووتنەوەیە سۆسیالیستی و رادیکال بووە گوایە وا ڕاگەیەنن کە ئەمان خۆیان تەنها لە پشتی ئەو بزووتنەوەیە وەستاوون، چونکە ئەوە ئەمانن سۆسیالیستی ترن. نمونەی ئەوە ڕەخنە لە بۆچوونی نووسینەکەی موزەفەری محەمەدی کە لەسەر سالرۆژی پیکهینانی حیزبی کۆمۆنیست وتوویەتی ئەمسال سالی کۆمۆنیزمی کریکاریی نەبوو، دەبەنەوە سەر ئەو بزووتنەوەیە و دەیانەویت بەو نووسینە جەناحی کۆرش تاوانبارکەن بەوەی کە سالی حیزبی کۆمۆنیزمی کریکاریی بووە بەلام سالی کۆرشیەکان نەبووە.

باسی ئەوەی کە سالی کۆمۆنیزمی کریکاریی مەنسوور حیکمەت نەبووە، ڕەدەکەمەوە. بەلام سالی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی نەبوو. سالی مەنسوور حیکمەت تا ئیستاش لە کۆمەلگای ئیرانا راستی هەیە، بەلام سالی نە کۆرش و نە تەقوایی و نە حیزبەکانیان راستیەکی ترە کە مەگەر ئیتر کراسی ستالین داکەندن بەوە بۆچوونەیان بگەیەنێت، کە نەخیر سالی حیزبیك نەبوو هەموو پرنسیبەکان و ئوسولی کۆمۆنیستی خستە کەنار و هاوریان کەوتنە گیانی یەکتر لە پیناو قودرەت، ئەویش نەك تەنها باسی قودرەتی سیاسی، ڕووداوەکانی دوای شەق بوون ڕوونی کردەوە قودرەتی رابەریی کردنی حیزب و بەدەستەوەگرتنی حیزب بوو. مەبەستی من لەم نووسینە کورتە چوونەوە سەر ئەوباسە نییە. بەلام دەمەویت سەرباری ئەوەی کە موخالیفی هەردوو جەناحم و بە ڕیگا بگری مەنسوور حیکمەتیان نازانم دەمەویت ئەوەش بلیٚم کە نەك کۆرش و مودرسینیزم بەلکو بە گشتی حیزبی حیکمەتیست زۆر نزیکتر بوونەتەوە لە تیژبینی و سونەتەکانی مەنسوور حیکمەت، و

زۆر راستگۆتر لە جەناحی تەقوایی خەریکن پیی خۆیان لە سەحنەی سیاسی کۆمەلگادا قایمتردەکەن. تەقوایی و تەقواییەکانیش هەر لە لەسەردەمی شەقبوونیانەوە زیاتر و زیاتر لە سونەت و ئینسانیەتی مەنسوور حیکمەت دوورتر دەکەونەوە. جریانی ئاهورا و تەوەهومیك کە بەشیکی بچووکی لە کۆمەلگا داگرت. تەقوایی لەژیر ناوی سۆسیالیزم و بزووتنەوەی خەلکدا ویستی ئەو تەوەهوومە بکاتە سیاسەتی کۆمۆنیستی کریکاریی و کۆمەگای ئیران بخاتە ژیر چەتری ئەو یاریە پوچەوە. کۆرشی مودەرسی هەر ئەوەندە تاوانی هەبوو لە باسی مەجلیسی موئەسەسان و نافەرمانی مەدەنیدا، کە تەقوایی ریك ئەو باسەی لە وەهمەوە بۆ سیاسەتی رەسمی حیزبەکەی گۆری و تازە وویستیشی نەك حیزبەکەی بەلکو کۆمەلگاش بەریتە ژیر چەتری یاری ئاهورایەکان. بە خەیالی خۆی سەحنەی سیاسی مەنسوور حیکمەت لە کۆمەلگادا بگۆریت بە یاری سیاسی دەستی خۆیی. وە بۆ بە بەرزکردنەوەی لیدەر تا ئاستی پیخەمبەرایەتی تەقوایی نەك نایەویت کراسی ستالین داکەنیت، تازە خەریکە دوگمەکانی قایمدەکاتەوە.

12/9/2004

دووخال کە پیویستە روونکریتەوە جەناحی تەقوایی لە رووداوەکانی 6 دیسەمبەردا جاریکی تر دەیانەویت بە گۆرینی راستیەکان خۆیان بەرنە پیشەوە.

1.سەیر لەوەدایە کە کۆرش لە 7 دیسەمبەر پەیامی خۆی نووسیوە و بلاوی کردۆتەوە، تەقوایی بۆ ئەوەی خۆیی بەریتە پیشەوە پەیامی بە میژوویەکی تەزویر بلاوکردۆتەوە، تەقوایی بۆ ئەوەی کە وا بلاوکاتەوە کە گۆایە لە پیش کۆرشەوە و بەرۆژیك ئەو پەیامەی نووسیوە بە میژوویی 6 دیسامبەر ئیمزای دەکات، بەلام لەراستیدا فایلی ئەو پەیامە و لەدایك بوونی ئەو فایلە دەگەریتەوە بۆ 7 دیسەمبەر

2. وینەکانی کە تەنانەت خۆدی سایتی تەقواییەکان بلاویان کردۆتەوە راستی تاسیری ریکخراویی لاوانی کۆمۆنیستی حیکمەتیستی روونددەکاتەوە و ئارمی ئەو ریکخراوەیە بەسەر پلاکارتی خۆپیشاندانەکانیشەوە دەبینریت تەنانەت لە ناو تارانیشسدا. کەچی تەقواییەکان دەیانەویت لە ریگایەکی ترەوە نەفی کارگەریی حیکمەتیستەکان و جەناحی کۆرش بکەن بەسەر ئەو بزووتنەوەیەدا.